ئەدەب و کولتوور رووداو

# کەریم دەشتی ئەزموونی شیعری و ئەدەبیی خۆی چاپ دەکاتەوە




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

نووسەر و شاعیری کورد کەریم دەشتی ئەزموونی شیعری و ئەدەبیی خۆی دووبارە چاپ دەکاتەوە.

کەریم دەشتی لەوبارەیەوە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "کۆکردنەوەی شەونمی شیعر ئەزموونی شیعری و ئەدەبیی خۆمە هەر لە سالانی هەشتاوە تا ساڵی 2010 ، لەلایەن دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ بووە، هەڵبەت ئەوە چاپی دووەمی کتێبەکەیە، چاپی یەکەم لەلایەن ئەکادیمیای کوردی بوو". دەشتی گوتیشی: "لەم کتێبەمدا باس لە چۆنیەتی نووسین و دیدگای شیعری و سەردەمەکان دەکەم".

کتێبەکە بەناونیشانی "کۆکردنەوەی شەونمی شیعر" لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بلاوکردنەوەی هەولێر لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپکراوە.

کەریم دەشتی خاوەنی نزیکەی 15 بەرهەمی ئەدەبییە، لەوانە: خاک و هەڵۆ (شیعر)، تەمە سپییەکانی رۆح (شیعر)، پیانۆی رۆژهەلات و ئەوانی دی (شیعر)، دیوانی درەختی حیکمەت (شیعر)، دۆستی هەمیشە چاوەڕوانمانە (شیعر)، بورجی بەڵەک (شیعر). کتێبی پیرۆزی عاشقان (شیعر)، دیوانی کتێبی نەی (شیعر)، کتێبی ئاو (شیعر). تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ (شیعر).

## لە دیدارەکەدا ٥٠ ئەنیمەیشن نمایش دەکرێن

# لە هەولێر دیداری کورتە فیلمی ئەنیمەیشن سازدەکرێت



**ئا: ئەدەب و کولتوور**

لە رۆژانی 26 تاوەکو 29ی ئەم مانگە، یەکەمین دیداری نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کورتەفیلمی ئەنیمەیشن سازدەکرێت.

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، 50 کورتە فیلمی ئەنیمەیشن لە 17 وڵات بە کوردستانیشەوە بەشدارن". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، چەندین کار و بەرهەمی تازەی کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی کوردی کە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای هەولێرن، لەو دیدارەدا نمایش دەکرێن.

بە گوتەی شاخەوان مستەفا، هەر لە دیدارەکەدا سێ پانێلی تایبەت لە بارەی هونەری ئەنیمەیشن و گرنگیی لە گشت بوارەکانی ژیاندا سازدەکرێن. بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، چوار خەڵاتی سەرەکی بەسەر فیلمە براوەکاندا دابەش دەکرێن، ئەویش خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین بیرۆکە، باشترین دەرهێنەری جێبەجێکار و باشترین فیلمی نێودەوڵەتییە.

# کتێبێک لەبارەی میدیاوە

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

کتێبی (زمانی میدیا) کە لە نووسینی دوو نووسەری عەرەبە، لەلایەن کامەران تاهیرەوە دەکرێتە کوردی و بلاودەکرێتەوە.

کتێبەکە لە نووسینی د.سامی ئەلشەریف و د.ئەیمەن مەنسوور نەدایە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن و چاپ و بلاوکردنەوەی هەولێر، چاپ و بلاوکراوەتەوە.

وەرگێڕی کتێبەکە دەڵێت: "کتێبەکە بە زمانێکی روون و سادە نووسراوە، بۆیە هەم راگەیاندنکار، هەمیش قوتابی زانکۆ و پەیمانگاکانی بەشی میدیا و خوێنەری ئاساییش دەکارن لێی سوودمەند ببن".

کتێبەکە لە هەشت بەش پێکهاتووە: زمان: چەمکەکان و ئەرکەکانی و ئاستەنگەکانی گوزارشتکردن پێی. زمانی راگەیاندن.. چەمک و تایبەتمەندییە گشتییەکان. شێوازی نووسینی ئێزگە و کارامەیی نووسەر. پێکهاتەکانی زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆن. زمانی هەواڵ لە رادیۆ و تەلەفزیۆن. زمانی رۆژنامەوانی. زمانی داتاکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیامەکانی رێکلامکردن و هەڵە باوەکانی زمان لە کەناڵەکانی راگەیاندندا.




# زیندانی ئامەد دەکرێتە رۆمان




**ئا: بەسام مستەفا**

نووسەری کورد رەجەب دڵدار، رۆمانە نوێیەکەی بەناوی دۆزەخ کە باس لە گرتووخانەی ئامەد دەکات، چاپ و بلاوکردەوە. رۆمانەکەی رەجەب لە 140 لاپەڕە پێکدێ و لە لایەن وەشانخانەی دارا لە ئیستانبوڵ چاپکراوە.

ئەو نووسەرە کوردە کە پێشتر ماوەیەک لە زیندانی ئامەد بەندکراوە، رۆمانەکەی لەسەر رووداوەکانی ماوەی مانەوەی لە زیندانی ئامەد نووسیوە.

لە پەرەگرافێکی رۆمانی دۆزەخدا هاتووە: "زیندان گۆڕەپانی مان و نەمانە، یان تۆ لە پێناو پارووە نانێک و قومە ئاوێک دەبێ فەرمانی ئەوان جێبەجێ بکەی، یان گیانت دەردێنن، ئینجا گیان شیرینە، هەموو کەسێک ناتوانێ گیانی خۆی تەسلیم بکات، مەگەر هەموومان وانین؟ ئایا ئێمە هەموومان نەبووینەتە دیلی گیانی شیرین؟.... لەوێ ناوی مێرخاسان مردووە، ئیدی مێرخاسی پارە ناکات".

رەجەب دیدار لە ساڵی 1985 لە بەدولیای سەر بە شاری ئامەد لەدایکبووە، ساڵی 1982 دەستگیرکراوە و تاوەکو ساڵی 1987 لە زیندانی ئامەد ماوەتەوە.

یەکەم پەرتووکی خۆی کە شیعرە بەناوی کەوێ جانێ لە ساڵی 2003 چاپ کردووە، ساڵی 2008 کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی ئەشکەوتی خۆکوشتن بلاوکردووەتەوە. ساڵی 2012 کۆمەڵە چیرۆکی "بەدوای غەزالێکدا" بلاوکردووەتەوە، هەروەها ساڵی 2015 کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەی بەناوی "کەتانی سپی" بلاوکردووەتەوە.

# گەڕانەوەی ململانێی جەمسەرەک

## لە پاشمۆدێرنەوە بۆ پێشمۆدێرنە

**ڕەنگە یەکێک لەو قەیرانانەی ڕووسیا بۆ ئەورووپا و ئەمریکای دروست کردبێت، سیاسەتی ئاوارەکردنی سوورییەکان بووبێت بەرەو ئەوروئەمەریکا**

**مێژووی جیهان بریتییە لە مێژووی ململانێی جەمسەرەکان و دەوڵەتەکان، بەبێ تێگەیشتن لەم بەڵگەنەویستە مەحاڵە بتوانین لە بەڵگەنەویستەکانی تر تێبگەین**

بەکر عەلی



کارڵ مارکس لەوەدا دروست پێکاویەتی کە دەڵێت: هەموو مێژوو بریتییە لە مێژووی ململانێ، بەڵام لەوەدا خوار پێکاویەتی کاتێک دەیبەستێتەوە بە ململانێی چینایەتی. ڕاستییەکەی مێژوو ئەو ململانێیەمان بۆ ساغ دەکاتەوە، بەڵام وەک ململانێی ڕەگەزەکان، ململانێی هێزەکان، ململانێی قەوارەکان، ململانێی دەوڵەتەکان و ئیمپایەرەکان.

جیهان بریتییە لەو شانۆیەی کە ئیمپایەرەکان وەکو ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵی تێدا دەبینن و ئەوانیتریش تەنیا کۆمبارسن لە پلە و ئاستی جیاجیادا.

لە شەڕەکانی ئەلێکساندەری مەزنەوە، بەتێپەڕینی بە شەڕەکانی ڕۆم و جەنگیزخان و تا دەگاتە شەڕی خاچپەرستان و فتوحاتی ئیسلام و تا چاخی نوێ لە شەڕەکانی ناپۆلیۆن و تا دەگاتە سەردەمی تازە لە پەلکێشانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمەوە بۆ سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی زلهێزێکی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت، هەموو ئەو پێکدادانە لە فۆرمی تیتانی زلهێزدا بەر یەکتری کەوتوون. ڕەنگە لێرەدا دەستەواژەی پێکدادانی کولتوورەکان ڕەوایەتییەک بدات بەم دەستنیشانکردنە.

لە دوای هەرەسی سیستەمی کۆمۆنیزمەوە، زلهێزی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەدەست چەندین گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکی مۆدێرنەوە دەیناڵاند، لەبەردەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکەی ئەورووپای لیبراڵدا زەلیل و کزەڵ دەردەکەوت. لەم ساتەوەختەدا بەگوڕبوونی تەوژمی گلۆبالیزاسیۆن یان سنوورەکانی دەسڕییەوە، یان بەرەو کاڵبوونەوەی دەبرد و بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەوەی مارکس پێیدەگوت "بازاڕی جیهان"، ئەمڕۆ وەک "جیهانگیری" خۆی سەپاند. بەڵام توانای ئەوەی هاوڕەوتی ئەو تەوژمە بیت یان نەبیت، ئەمە چارەنووسی زۆر کۆمەڵگای کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەمی دیاری دەکرد. هەر بۆیە شەڕی کەنداو و یازدەی سێپتێمبەر ڕوویاندا، دواتر داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق، پاشان سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و نغرۆبوونی چەند ڕژێمێکی دیکتاتۆری عەرەبی، تا دەگاتە سەرهەڵدانی ناڕەزاییەکانی خەڵکی سووریا کە گۆڕا بۆ جەنگی نێوخۆیی و تاوەکو ئەمڕۆش ئەم جەنگە درێژەی هەیە، بەجۆرێک کە ڕۆچووەتە نێو دوورایيەکی قووڵی سیاسەتی جیهانەوە و هەموو زلهێزەکانی دنیا لەوێدا ئەجێندای خۆیان هەیە و تێیدا بوونەتە ئەکتەری ڕۆڵگێر و خودی حکومەتی سووریا هیچ فەرمانڕەوایەتی و جڵەوێکی بەدەستەوە نییە.



ئیڤان ئەلێکساندرۆڤیچ ئیلین

لەم کەین و بەینەدا ڕووسیا خۆی لەبەردەمی هەڕەشەی فیکری و سیاسی و ئیتیکی خۆراوادا دەبینییەوە. ڕووسیایەک کە بە نەریتچێتی شارستانی و بە کۆنزێرڤاتیڤی بەهاکان ناسراوە، ڕووسیایەک کە شکۆیەکی قەیسەری و ئیمپایەری هەبووە و خۆی وەکو جەمسەرێکی سەربەخۆ بەرامبەر بە خۆراوا دەبینی، ئەمڕۆ وا خەریکە لافاوی بەها خۆراواییەکان ڕایدەماڵێت، ئەمڕۆ وەختە شوناسێک نامێنێت پێیبگوترێ شوناسی ڕووسی. ئەم پرسیارانە وەکو دڕدۆنگییەک لەبەردەم بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی ڕووس دێن و دەچن لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەگژداچوونەوەی جەمسەرە ئەوروئەمریکییەکە. لەسەردەمی دەرکەوتنی (ڤلادیمێر پوتین) دا ئەم هۆشیارییە سەری هەڵدا کە دەبێت "ڕێگایەکی ڕووسی" دابهێنرێت بۆ ئەو بەگژداچوونەوەیە. دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم دووڕیانە لە سەدەی نۆزدەوە لەناو ڕووسیادا هەیە، ڕێگا بەرەو ئەورووپا و ڕێگا بەرەو ڕووسیا. لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆ ئەگەرچی دووڕیانەکە بەکاڵیش بووبێت، هەر هەبووە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ ڕێگا ڕووسییەکە ئەکتیڤتر و زاڵترە. ڕووسەکان لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا خۆیان لەسەر جەمسەری ئەورۆئاسیایی ڕاگرتووە و بۆ ئەمەش پشتخانی فەلسەفی و ئیدیۆلۆگیی خۆیان هەبووە.

ئیڤان ئەلێکساندرۆڤیچ ئیلین (1883ـ 1954) ئەو فیلۆسۆفەیە کە داهێنەری پرۆژەی ڕێگا ڕووسییەکەیە. ئیلین لە ساڵانی بیستەکاندا دژایەتی بەلشەڤیکەکان دەکات، لەبەرئەوە لەوێ جێی نابێتەوە و ئاوارەی ئەڵمانیا دەبێت و لە بەرلین وەکو مامۆستای زانکۆ دەگیرسێتەوە، لەم ماوەیەدا پەیوەندی توندی لەگەڵ گیۆرگ زیمیل و ئێدمۆند هوسرل- دا دەبێت تا ساڵانی سییەکان و ئیتر لەدوای دەرکەوتنی نازییەکان لێرەش قەدەغە دەخەنە سەری و ناچار بەرەو سویسرا هەڵدێت. ئیلین هیگڵناسێکی شارەزا بوو، ئەوەی هیگڵ ڕۆحی لە بەرجەستەبوونی دەوڵەتدا دەبینییەوە، ئیلین ڕۆحە ڕەهاکەی لە ڕووسیادا دەبینییەوە و دەیگوت: خودا ڕووسیایە.

ئیلین پێشبینی کۆتایی سیستەمی کۆمۆنیزمی کردبوو، بۆیە پرۆژەیەکی فیکری بۆ ڕژێمی سیاسی ڕووسیای نوێ داهێنا، ئەم پرۆژەیەش هێدی هێدی لە ڕووسیادا لایەنگری ڕۆحی و سیاسی بۆ دروست دەبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕووسیا تادەهات بەرەو ئەورۆئەمەریکانیزم دەچوو، هەربۆیە کەسێکی وەکو پوتین خێرا کاری بۆ ڕاگرتنی ئەم شەمەندەفەرە بەرەو ئەورووپا کرد. پوتین هەر لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەچووە هۆڵی وانەبێژییەکانی ئەو فیلۆسۆفانەی ئەم ڕەشەبا ئیدیۆلۆگییەیان لێوە هەڵدەکرد، بۆ نموونە لیۆ گۆمیلۆڤ کە کوڕی ئانا ئاخماتۆڤی شاعیر بوو. ئەم کولتوورناس و مێژووناسە بە نوێنەرێکی سەرسەختی بزووتنەوەی ئەورۆئاسایی دادەنرێت و تیۆرییەکی بۆ "وزەی ژیان لەناو خودی ڕووسیاوە" داهێناوە کە پرۆگرامەکەی بریتییە لە بەگەڕخستنی وزە نێوەکییەکەی ناوەوەی ڕووس. ئەم تێزەیە ئیدیۆلۆگیای سیاسی پوتینی ڕەنگڕێژ کرد و بەدویدا گەڕایەوە بۆ سەرچاوە ڕاستەقینەکەی تێزەکە کە پرۆژەکەی ئیلین بوو، هەربۆیە کاتێک بووە سەرۆکی ڕووسیا، لە ساڵی 2005 پاشماوەی ئێسکوپروسکی تەرمەکەی ئیلینی لە سویسراوە گەڕاندەوە بۆ ڕووسیا و پەیکەرێکی گەورەشی بۆ بەکردن دا و وەکو دیارییەکیش لە جەژنەکانی سەری ساڵدا کتێبەکانی ئیلینی پێشکەش بە هەموو سەرۆکشارەوانییەکان و بەرپرسانی سیاسی وڵاتەکەی دەکرد، تا بیخوێننەوە و لەوە تێبگەن کە ڕووسیا ئیتر پێویستی بە "ڕابەرێکی ڕووسی" وەک پوتینە. ڕێک ئەوەی ئیلین داوای دەکرد: دیکتاتۆرێکی دیموکرات.

با بزانین ئەم بیرمەندە چ تێزەیەکی خستووەتەڕوو، وا ئەم ڕەشەبا ئیدیۆلۆگییەی لە کریملین هەڵکردووە.

ئەوانەی چاودێریی کارەکتەری سیاسی ڤلادیمێر پوتینیان کردووە، پێیانوایە فیکری پوتین لەسەر سێ کۆڵەکە ڕاگیراوە: ڕێبازی کۆنزێرڤاتیڤیزم، تیۆری "ڕێگای ڕووسی" و پرۆژەی ئەورۆئاسیایی.

ئیلین دژی تێزەکەی تۆلستۆی بوو کە دەیگوت: بە توندوتیژی بەرەنگاری شەڕ و خراپە مەبنەوە، چونکە هەر توندوتیژی بەرهەم دێتەوە. ئیلین پێیوابوو، پێویستە بەزەبروزەنگ وەڵامی بەدکاری بدرێتەوە. ئیلین دژی تۆتالیتاریزمی چەپ و ڕاست و نێوەڕاستیش بوو. ئەو ئەنتی کۆمۆنیزم و ئەنتی لیبراڵیزم بوو، بۆیە ڕێگایەکی تری هەڵبژارد، نە کۆمۆنیزم و نە دیموکراسیی خۆرئاوا، ڕێگای "دیکتاتۆرێکی دیموکرات"ی لێدا.

ئیلین فەلسەفەی سیاسی خۆی وا داڕشت کە هەموو ئەرکەکە بخاتە سەرشانی "ڕابەر". ڕابەریش "کەسێکە خزمەت دەکات، لەبری ئەوەی لە شوێنی خۆی کڕ بکەوێت. لە دوژمن دەدات، لەبری ئەوەی بەس قسەی ڕووت بکات. خۆی دۆزەکە بەڕێوە دەبات، لەبری ئەوەی خۆی بە بێگانە بفرۆشێت". هەموو پرۆژەی فەلسەفی و سیاسی ئیلین بۆ ئەوەیە ڕووسیا ببێتە خاوەنی ڕۆحی خۆی، گەشە بە بەهای خۆی و کەلەپووری خۆی بدات. لێرەوەیە دژایەتی ئەورووپییەکانی دەکرد و دەیگوت: ئەورووپا ئێمە ناناسێت و لێشمان تێناگات و خۆشیناوێین. لەسەر هەمان ئاواز ڤلادیمێر پوتین لە ساڵی 2014 لە گوتارێکدا دەڵێت: سیاسەتی بەرپێگرتنی ڕووسیا لە سەدەی 18 و 19 وە بەگەڕخراوە، ئەوان تاوەکو ئەمڕۆ درێژەی پێدەدەن، ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن بمانخزێننە قوژبنێکەوە و هیچمان لەدەست نەیەت بیکەین، تەنیا لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت شوێنگەیەکی تایبەت بە خۆمان هەبێت.

ئاوەها پوتین خۆی بە تێزەکەی ئیلین و ڕەدووکەوتووانی چەکدار کردووە و بەردەوام

# دادگای کافکا وەک پەناگەیەك بۆ درامای ئەرستۆیی

نیهاد جامی – پۆڵەندا



گواستنەوەی فەزای ڕۆمانەکانی کافکا بۆ شانۆ، دنیایەکە توانای هەڵگرتنی پرسیار و هەڵوەستەکردنی هەیە، بەتایبەت گەر لە هەڵبژاردنەوە تا چۆنیەتی خولقاندنی نمایش توانرا بزانرێت چی لەپشت ئەو ئیشکردنەوە دەوەستێ کە دەهێنرێتە ناو شانۆ.

ڕۆمانی "دادگا"ی کافکا، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی ساڵی 1980 لەشانۆی پۆڵەندی نمایشکراوە، دواتر بۆ تەلەفزیۆنی پۆڵەندیش تۆمار کراوە، کارەکە بەهاوبەشی لەلایەن هەردوو دەرهێنەر خاتوو ئاگنێیشکا هۆڵەند (1) و هاوسەرەکەی لاسۆ ئادەمیک (2) بۆ شانۆ دەرهێنراوە.

کاتێک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە چی لەپشت کارکردنە لەدنیای کافکادا؟ ئاخۆ ڕۆمانی دادگا پەیوەندییەکی هەیە بەو کۆمەڵگایەوە؟ یاخود مەبەست لە سەرکێشییەکی ئەدەبیە لەدنیای ڕۆمانووسێکی ناسراو بۆ کاری شانۆیی؟

ئەو نمایشە توانای ئەوەی هەیە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانمان بداتەوە، ئاسۆیەکی ڕوونمان لە هەڵبژاردن بۆ تێکست بۆ بکاتەوە، دنیای ڕۆمانەکە لە دنیای کۆمەڵگای پۆڵەندیی دوای جەنگ دەچێت، کۆمەڵگایەک بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، ڕووبەڕووی دادگایی دەبێتەوە، ئەو تۆمەتبارکردنەی کۆمەڵگای پۆڵەندی بەوەی دەستی لەگەڵ نازیزم تێکەڵ کردووە و بەشدارە لە هۆلۆکۆست (3)، هەمان وێنەی دادگایی کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەی کافکایە، لەناو ماڵەکەی خۆیدا بەخەبەر دێت و دەبینێ هاتوون دادگایی بکەن.

لەو سەرەتایەوە تا کۆتایی بەناو ڕۆمانی (کۆشک)دا دەچینە خوارەوە، بەشێوەیەک هەست دەکەین تێکستەکە لەبنەڕەتدا تێکستێکی شانۆییە نەک ڕۆمانێک بێت، پەیوەندیی تێکست (نمایش) لەگەڵ بینەر، نووسینەوەی دنیای بینەرە، ئەوەش هۆکارێکی گرنگی پشت هەڵبژاردنی تێکستە بۆ شانۆ، ئەو دوو دەرهێنەرە هێندەی چارەسەری شانۆیی لەڕووی دیمەن و پێکهاتەکان دەکەن، نەهاتوون ئیزافەکاری بە ڕۆمانەکە ببەخشن یاخود بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕووداو لابەرن کە کار بکاتە سەر چنینی درامیی تێکستی ڕۆمانەکە.

ئەگەرچی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کەوا هەندێک ڕووداو چڕ بکەنەوە، ئەوەش پەیوەستە بە گۆڕینی ئاستی ڕەگەزی تێکست لەگێڕانەوە (ڕۆمان)ـەوە بۆ دیالۆگ (شانۆنامە) لەلایەک و لەلایەکی تر نەیانویستووە هەندێک چیرۆک کە پەیوەست نییە بە ژیانی کارەکتەر و کاریگەرییەکانی بۆ سەر ڕووداوەکان، لەجۆری ئەوەی چیرۆکێکی کۆن لەلایەن قەشە دەگێڕدرێتەوە و یوزیف پێشبینیی خۆی لەناو چیرۆکەکە دەخاتەڕوو.

هەروەها تاکە کارەکتەرێک کە لادەبردرێت، پۆرستنەرە ئەو کچەی لەشانۆدا کار دەکات، ڕەنگە ئەو کارەکتەرەش کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەجێنەهێڵێت، بەبەڵگەی ئەوەی جگە لە چوونە ژوورەکەی و تێکدانی کەلوپەلەکانی و گۆڕینی دۆستەکانی، شتێکی ئەوتۆ نییە کە کار بکاتە سەر ڕووداو.

ئەوەی ئەو دوو دەرهێنەرە بە ڕووداوەکانی دەبەخشن، پەیوەستە بەکردەی دەرهێنانەوە، ئەوەش چەندە لەسەر بنەمای تێکست ڕۆنراوە، هێندەش پەیوەستە بەخوێندنەوەی مرۆڤی پۆڵەندی لەڕوانینی بۆ ئەویتری ئەڵمان و ڕووس، بۆیە ئەوانەی هاتوونەتە ماڵەکەیەوە بۆ ئەوەی لەو بەیانییەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن، دەبینین کاتێک ئەو خۆی دەگۆڕێت، ئەوان کراسەکانی بەبەرچاویەوە دەدزن، لەکاتی داکۆکی لەخۆی تەنانەت پێخەفی نوێنەکەشی دەبەن، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونی ڕوانینە بۆ سەیرکردنی ئەویتر کە چۆن بەناوی دادوەری هاتوون تاڵانیان بکەن.

دادگا ئاماژەیە بۆ دەسەڵات، دەسەڵاتێک بۆ مەعریفەی سزا، بەڵام ئەوەی ونە تاوانەکەیە، گەرچی دەیانەوێت ڕەوایەتی بەو سزایە بدەن، لێرەدا سێگۆشەی ئەو هێڵکارییەی ڕووداوەکان بەرز و نزم دەکاتەوە، بریتین لە "دەسەڵات، فاشیزم، سێکس"، هەڵبەت ئەو سێگۆشەیە کەمێک نامۆ دەکەوێتەوە، بەڵام سێگۆشەیەکە دژبوون بۆ یوزیفی کارەکتەری سەرەکی دەخولقێنن، هەرنەبێت ململانێی نێوان قوربانی و جەللاد دەکەن بە منی قوربانی لەبەردەم ئەوانی جەللاددا، دادگا کە نوێنەری ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە، لەڕێگەی سەپاندنی بڕیار دەتوانێت ڕەوایەتی بەو فاشیزمەی خۆی بدات، هەر نەبێت ئەو هێڵە فاشیستە بۆ دادگا لەپشت بانگهێشت و ڕووداوەکان و سزادانی دوو پاسەوانەکەی شەو بەڕوونی دەردەکەوێت، لەلایەکی تر ئامادەبوونی ژن لەناو نمایشەکەدا ئامادەبوونێکی جەستەییە بۆ پتەوکردنی دەسەڵات.

لەهەمانکاتدا وێنەیەکی تری قوربانی نیشان دەدەن، دەتوانین بەڕووی دووەمی یۆزیف بیانبینین، ئەو ژنەی لەگەڵ مێردەکەی لەوێ دەژین و لەبەردەمی ژووری دادگا کار دەکات، تەنانەت ئەو ڕۆژەی دەوامی دادگا نییە یۆزیف دەباتە ژوورەوە، کەمێک دەستبازی لەگەڵ دەکات و ڕێی دەدات دەستکاری ئەو کتێبەش بکات کە وێنەی ڕووتی لەسەرە، لێرەدا وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەی دادوەر و ئەو ژنە دەبنە ڕووی یەک دراو.

ئەوە لە نمایشە شانۆییەکەدا شتێک نییە ڕێکەوت بێت، ئاماژەیەکی لەخۆڕا بێت و فڕێدرابێت، بەڵکو پەیوەستە بەستراتیژی ئەو دەسەڵاتە کە ئەخلاقی فاشیزم لەڕێی جەستەی ئەویترەوە دەیەوێت بوونی ئەوانیتر بسڕێتەوە، وەک چۆن پارێزەرە پیرەکە کە بەردەوام لە ئۆفیسەکەیدا لەناو نوێنە کە دۆستی دادوەرە و هاوڕێی دێرینی مامی یۆزیفە، ئەویش کچە خزماتکارەکەی هێندەی وەک ژنێک بۆ مەیلی سێکسی بەکاردێت و یۆزیف بەئاسانی لێی نزیک دەبێتەوە، شتێکی تر نییە جگە لەوەی دەسەڵاتەکە بەدەوری سێگۆشەکەدا هێڵەکانی خۆیان دەبرن.

دیمەنی خەونەکە دیمەنێکە پڕ لە پرسیار، کە لە ئاگاییدا وادەکات کۆتایی ڕۆمانەکە کراوە بێت و دادگاییەکە وەک کافکا ئاماژەی بۆ دەکات، دۆخێکی بەردەوام بێت. بەڵام نمایشە شانۆییەکە پرسیارەکان دادەخات، وەک کۆتایی درامایەکی ئەرستۆیی نمایش تەواو دەکات، ئەگەرچی کۆتاییەکی ئەرستۆییە لەناو دیدگایەکی کافکاییدا، بۆیە کاتێک ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا زەمەنێکی بەردەوام و کراوەیە، لە نمایشە شانۆییەکەدا ڕووداو گەیشتووەتە وێنەی باڵا و بە لەسێدارەدانی یۆزیف کۆتایی دێت، ئەو دوو ئاستە زەمەنیە لەڕاستیدا دژ بەیەکن، چونکە کافکا دادگاییەکە وەک بەردەوامی دەخاتەڕوو، بەڵام لە نمایشەکەدا بە لەسێدارەدانی یۆزیف دادگاییەکە کۆتایی دێت، ئەگەرچی ئاستی دووەم، ئاستێکی کافکاییە، بەوەی دادگاییەکە کەوتووەتە پێش بڕیاری دادگا، واتە فرمانەکە پێش تەواوبوونی دادگاییە.

ئەو نمایشە چەندە هەوڵێکی گرنگی ناو ڕووبەری نمایشی شانۆی پۆڵەندیە، کە بووەتە جێی سەرنجی ڕەخنەگران لە ساتەوەختی نمایش، بەڵام ئەوە ڕێی ئەوەمان لێ ناگرێت، سەرنجێکی ڕەخنەیی لەبارەوە تۆمار بکەین،



کافکا

# ـان



لیۆ گۆمیلۆڤ

دەستەواژەکانی وەکو "شارستانێتی رووسی" و "کۆدی شارستانی" هەمیشە لەسەر زمانە. لەمەشەوە دەردەچێت بۆ ئیشپێکردنی ستراتیژەکەی بەرەو "ئیمپراتۆری پێنجەمی رووسیا". یەکەمین شەڕی پوتینیش کە پیادەکردنی بیرۆکەکانی ئیلین بوو بۆ بەدەستهێنانی رۆحی رووسی، شەڕکردن بوو لەگەڵ گیۆرگیا، ئەو وڵاتەی مەیلێکی کراوەی بەرەو ئەورووپا پیشاندەدا، پاشان شەڕ لەگەڵ ئۆکراین. لەپاڵ ئەم پەلامارانەدا، هێرشێکی پرۆگرامییانەی کردە سەر هەموو ئەو تەوژمە خۆراواییانەی روخسارێکی تاکگەرایی و لیبراڵیزمیان هەڵگرتبوو.
بۆ تۆکمەکردنی ئەم پرۆگرامەش، پوتین بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ پەیداکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنگری ئەم تێزانەن و لە بنەڕەتەوە دژایەتی بەها خۆراواییەکان دەکەن، لەوانە چین و هیندستان و ئێران و سووریا و لەم دواییەشدا تورکیای ئەردۆغان. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی 2015دا "یەکێتی ئەوروئاسیایی" پێکهێنا، بەئامانجی ئەوەی لەرێی ئابوورییەکی هاوبەشەوە کۆنفیدراسیۆنێکی چەند دەوڵەتی بخاتە سەرپێ تا بتوانێت ململانێی زلهێزە ئابوورییەکانی دنیا بکات. پوتین کار لەدژی خۆراوا دەکات و بەمەش بووەتە نەیارێکی سەرسەختی خۆراوا.
کۆی ستراتیژی ڤلادیمێر پوتین لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کۆنزێرڤاتیڤخوازی بەکاربێنێت بۆئەوەی "رابەر" و بەها نەریتییەکان پێکەوە گرێ بداتەوە. دەستەواژەی "رێگای رووسی" بۆ مۆبیلەکردنی ئاپۆڕەیە لە دژایەتیکردنی خۆراوا و، ئیدیۆلۆگیای ئەوروئاسیاییزم مۆتۆڕی بەرێوەبردنی ئیمپایەری پێنجەم دەبێت لەپێناوی ئەوەی رووسیا ببێتە "داهاتووی ئەوروپا".
ئەمرۆ ئەلێکساندەر دۆگین دیارترین نوێنەری فیکری ئەوروئاسیاییە. ئەو پێیوایە ئەم رێبازە لەناو قووڵایی مێژووی رووسیادا هەر هەبووە. لێرەوە وای دەبینێت پوتین ئەو رابەرە بێت کە هەموو ئەو بەڵگەنەویستانەی تێدا کۆبووەتەوە بۆ دامەزراندنی ئیمپایەری ئەوروئاسیایی بەرووی ئیمپایەری ئەتڵەسیدا.
لەم پێناوەشدا ئەو لە چەند روویەکەوە کاری کردووە بۆ درزخستنە نێو ئەوروپا و ئەمەریکا و خولقاندنی قەیران بۆیان. رەنگە یەکێک لەو قەیرانانەی بۆ ئەوروپا و ئەمریکای دروست کردبێت، سیاسەتی ئاوارەکردنی سوورییەکان بووبێت بەرەو ئەوروئەمەریکا. یەکێکی تر لەو قەیرانانەی بۆ ئەوروپای دروست کرد، خۆنزیککردنەوەیەتی لە تورکیای ئەندامی ناتۆ و پشتیوانیکردنی سیاسەتە فاشیزمییەکەی ئەردۆغان لە پەلاماردانە دڕندانە نامرۆڤانەکەی بۆ سەر رۆژاوا.
بۆ ئێمە ئەم وردەکارییە گرنگە بۆئەوەی چییەتی ئەو پێکدادانانە بناسین کە لە درێژایی مێژووەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەرپا بوون. لەمرۆدا گەرمترین پێکدادانی جیهان لەسەر سینەی کوردی رۆژاوا یەکلا دەبێتەوە، تاکە یەک بەڵگەنەویست دەرئەنجام دەکرێت، ئەویش ئەوەیە مێژووی جیهان بریتییە لە مێژووی ململانێی جەمسەرەکان و دەوڵەتەکان. بەبێ تێگەیشتن لەم بەڵگەنەویستە مەحاڵە بتوانین لە بەڵگەنەویستەکانی تر تێبگەین، مەبەست لە بەڵگەنەویستە ئابوورییەکەیە، واتە شەڕی سەرمایەداری. خراپترین تێڕوانین بۆ ناسینی ئەم ململانێیە ئەوەیە کە وەکو ململانێی کاپیتالیزم ببینرێت، نەک وەک ململانێی دەوڵەتان.
ئەمرۆ هیچ شتێک لەوە روونتر نییە کە شەڕی سووریا و کوردی رۆژاوا، کە ئێران و تورکیا و رووسیا و وڵاتانی ئەوروئەمەریکی تێوەگلاوە، جگە لە شەڕی ئیمپایەر و ئیمپایەرە بچووکەکان هیچی تر نییە، بەرژەوەندی کاپیتالیزم خاڵە لاوەکییەکەی و ئامرازە دەسەڵاتخوازییەکەی ئەو جەمسەرانەیە. ئیتر لەمرۆدا جارێکی تر جەمسەرەکان بە روخسارێکی پاشتمۆدێرنەوە دەردەکەونەوە، بەڵام بە ناوەرۆکێکی پێشمۆدێرنەوە ئیش دەکەن.

بەهۆی ئەوەی سیمای تازەگەری و دەرچوون لە درامای ئەرستۆیی لەو رۆژگارەدا بەتەواوی بەشانۆی پۆڵەندییەوە دەرکەوتبوو، بەڵام ئەو دوو دەرهێنەرە بە مەبەستەوە لەناو نمایش دەیانەوێت داکۆکی لەو بنەما ئەرستۆییانە بکەن، ئەوەش لە دوو ئاستدا زۆر بەرِوونی هەستی پێدەکەین.
لەئاستێکدا کە پەیوەستە بەکۆتایی نمایشەکە وەک ئاماژەمان بۆ کرد کە چۆن لەرێگەی دیاریکردنی چارەنووسی پاڵەوان، وێنە سوننەتگەراکە داکۆکی لێ دەکات، لەئاستی دووەمیشدا پەیوەستە بە لابردنی کارەکتەری پۆرستنەر، چونکە ئامادەبوونی ئەو کارەکتەرە نزیکی دەکردەوە لە درامایەکی دژە ئەرستۆیی، بەوپێیەی دەبووە وێنەیەک بۆ چۆنیەتی دەرچوون و چوونەوە ناو شانۆ، لەرێگەی ئەو کارەکتەرەوە کە لە شانۆ کار دەکات، بۆیە بەلابردنی ئەو کارەکتەرە کە لەبنەڕەتدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر رووداوەکانەوە نییە، لابردنی داکۆکیکردنە لەو گوتارەی نمایشەکە هەڵگریەتی.

**پەراوێزەکان:**

**(1) ئاگنییێشکا هۆڵەند ئێستا یەکێکە لە سینەماکارە ناسراوەکانی پۆڵەندا، ساڵی 1948 لە وارشۆ لەدایک بووە، کچی کۆمەڵناسی پۆڵەندی هنری هۆڵەندە، ساڵی 1971 کۆلێژی هونەری شانۆی لە پراگ تەواو کردووە، بەوپێیەی دەرچووی بەشی سینەما و تەلەفزیۆن بووە، بۆیە لەو رۆژگارە و تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، وەک ئەکتەر بەشداری کردووە لە فیلمەکانی هەردوو دەرهێنەری پۆڵەندی ئاندژێی ڤایدا و کژی شتۆڤ زانووسی، سێ جار کاندید کراوە بۆ خەڵاتی ئۆسکار، جگە لەوەی ئێستا وەک سیناریست و دەرهێنەر ناوێکی گرنگی سینەمای پۆڵەندییە.**
**(2) لاسۆ ئادەمیک لە 1942 لە چیکۆسلۆڤاکیا لەدایک بووە، ساڵی 1972 سینەمای لە پراگ تەواو کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم تا سەرەتای نەوەتەکان دەرهێنەری گروپێکی شانۆیی ناسراوی وارشۆ بووە، لە بیست ساڵی رابردووشدا کراوە بە بەرێوەبەری ئۆپێرای کراکۆڤ، جگە لە کاری شانۆیی بەردەوام وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی لە سینەمای پۆڵەندیدا کاری کردووە، لەپاڵ دەرهێنەری بەشێک لە کارە شانۆییەکان بۆ تەلەفزیۆن، ئەوەش هەر لەو کاتەوەی کە لە 1973 شانۆگەریی "پەتا سپیکەی" بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد. دوای ئەوەی وەک کارێکی سینەمایی پێشکەشی کردبوو، وەک کاری شانۆییش تۆماری کردەوە. لە کارەکانی دواتری "پیلیاس و مێلیساندا" ی مۆریس مەتەرلینک و "بۆریس گۆدۆنۆڤ" ی پوشکین و هەروەها بەهاوبەشی لەگەڵ هاوسەرەکەی خاتوو ئاگنییێشکا هۆڵەند چەند نمایشێکی شانۆییان پێشکەش کردووە، لەوانە: "کۆشک" ی کافکا و "لۆرێنساچیا" ی فرێد دی مۆسێت. هەروەها یەکێک لە دەرکەوتنە بەراییەکانی ساڵی 1975 بووە لە شانۆگەریی "دارستان" کە بۆ ئەو وەک سەرەتایەکی گرنگی دەرکەوتنی دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی لە شانۆگەرییەکی دەرهێنەر ئۆستروڤسکی بەشداری کردووە، لە کارە گرنگەکانی ئەو دەرهێنەرە کە لەنەخشەی شانۆی پۆڵەندیدا گرنگ سەیری دەکرێت، سەرباری شانۆگەریی کۆشک، ئەم کارانەی ترین: "سێ قروشەکەی" برتۆلد برێخت و "ئۆپۆ پاشای"ی ئەلفرێد گاری و "تەرمی کۆمپانیای درووستکراو" ی داریۆ فۆ. ساڵی 2010 وەک ئەکتەر لە شانۆی ئۆپێرای فرۆسلاڤ رۆڵی میوزیکژەن فریدریک چۆپین دەبینێت لە کارێکی دەرهێنەر گیاسۆمۆ ئۆرێفیتسی، ئەو دەرهێنەرە کارەکانی لە بواری ئۆپێرا و سینەمادا تا ئەمرۆش گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بۆیە گەر دەرفەت بگونجێت شایستەی ئەوەیە نووسینی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.**
**(3) هەندێک جار پۆڵەندا تاوانبار دەکرێت بەوەی لە تاوانی هۆلۆکۆستدا ناڕاستەوخۆ بەشدار بووە، بەهۆی ئەوەی هاوکاری ئەڵمانەکانی کردووە، بەتایبەت ئیسرائیل تۆمەتی ئەوە دەخاتە پاڵ پۆڵەندا.**

# ریفۆرم لە ئیسلامدا

حەمەسەعید حەسەن



(1)

بۆچی موسوڵمانان دوا دەکەون و ئەوانی دیکە پێش دەکەون؟ چونکە موسوڵمانان بەگشتی، هێشتا نە دەرکیان بە بایەخی ریفۆرمی دینی کردووە و نە توانیویانە ریفۆرم لە دینەکەیاندا بکەن. لە تورکیا لە 1924 بەدواوە، هەوڵ درا، دەوڵەتی ئیسلامی بگۆڕدرێت بە دەوڵەتی عەلمانی، بەڵام سیستەمی عەلمانی بەبێ هەبوونی دیموکراتی، تەیرێکە باڵشکاو. لە تونس لە 1957 بە دواوە، یاسای باری کەسیەتی، لەبن چنگی شەرع دەرهێنرا و لە هەواری مۆدێرنیتەدا بارگەی خست. بۆچی هەموو هەوڵی موسوڵمان بۆ ئەوەیە بە بەهەشت شاد ببێت؟ ئاخر فرۆید گوتەنی: بەهەشت وەک پزدانی دایک وایە کە هەموو شتێک بۆ پزەکەی دابین دەکات.
ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان کچێکی شیرەخۆرەی مارە کردبێت، بەگوێرەی شەرع مافی ئەوەی هەیە، بە نێوان رانەکانی ئەو کۆرپەیە، ئاگری ئالۆشی دابمرکێنێتەوە! (1) ئایا ئەو ئایینە پێویستی بە ریفۆرم نییە؟ بۆچی دونیای ئیسلام لە قوری دواکەوتوویيدا چەقیوە؟ چونکە بیرکردنەوەی عەقڵانی، لە بەرانبەر هێرشی نامەعقوولی دینیدا شکستی هێناوە. تەرمزی کە شاگردی بوخارییە، دەڵێت: (لێکدانەوەی قورئان بە عەقڵ هەڵەیە، رای نوێی جیاواز بەرانبەر بە دەقی قورئان، کوفرە) ئاخر لەو وایە قورئان تەنیا بە کۆمەکی گوتەی پێشینان لێک دەدرێتەوە.
ئەوە خۆپەرستییە هانمان دەدات بڕوامان بە ژیانی دوای مەرگ هەبێت، بڕوابوون بە زیندووبوونەوە، سڕکەرێکە نیگەرانیی مردن هێور دەکاتەوە. لەمێژە دەرمانێک داهاتووە، (حەبی بەختەوەری)ی پێ دەڵێن، زیانی لاوەکی نییە و ئینسان ئاڵوودەی نابێت، خەمۆکی و نیگەرانی دەرەوێنێتەوە. شتی نوێ بە پێچەوانەوەی رێڕەوی رووبارەوە مەلە دەکات و بەگژ باودا دەچێتەوە، کەسی نەریتخواز، زەندەقی لە شتی نوێ چووە، ئاخر بۆچوونە جێگیرە بەبەردبووەکانی دەلەقێنێت. موسوڵمانی نەریتخواز رەنگە هێشتا بڕوای بەوە نەکردبێت، خۆر نە هەڵدێت و نە ئاوا دەبێت، ئەوە زەوییە دەسوورێتەوە.
یەقین نابینایە، یەقینداران لە سەنگەری داکۆکیکردندان، زانیاریی نوێ کە تۆڕی ئینتەرنێت بەخێرایی بڵاوی دەکاتەوە، هەراسانی کردوون. کریستیان و جوو کە ئەوانیش هەمان خوای موسوڵمانیان هەیە، لەمێژە ریفۆرمی دینییان کردووە و یەقینی دینییان گۆڕیوە بە گرەوی دینی و شوێن گرەوەکەی باسکاڵ کەوتوون: (خوا دەپەرستم، ئەگەر هەبوو، ئەوا قازانجمە، ئەگەر نەبوو، هیچم لە کیس ناچێت.) مەبەست لە ریفۆرمی دینی ئەوەیە، ئیسلام عەقڵانیبوون رەچاو بکات و دەست لە لێکدانەوەی نەریتخوازانە هەڵبگرێت. عەقڵانیبوون: عەلمانیبوونە کە هەنووکە لە دونیادا سەروەرە، دداننانە بە مافەکانی مرۆڤدا کە بۆ هەموو ئایینێک دەگونجێن و بریتیین لە: ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ویژدان و یەکسانی لە شکۆدا، یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، یەکسانی لەنێوان دیندار و لادیندا، یەکسانی لەنێوان موسوڵمان و ناموسوڵماندا. دداننەنان بەو مافانەدا، لەسەر ئاستی ناوخۆ، درێژە بە تەمەنی دەسەڵاتی ستەمکار دەدات و لە دەرەوەیش ئیسلام دزێو پیشان دەدات.
بەهۆی ریفۆرمەوە موسوڵمانان لە ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست رزگاریان دەبێت و لە بازنەی ئەو ئیسلامە دەردەچن، کە نەقڵی بەلاوە گرنگترە لە عەقڵ و بەزەبری نەریت، تاک دەکات بە پاشکۆی کۆمەڵ. ئەو ئیسلامەی ئیخوان بە گونجاوی دەزانێت، موسوڵمان تووشی دووکەرتبوونی کەسایەتی دەکات، کەسێکی هاوچەرخ کە بە عەقڵێکی دێرینەوە دەژی. لە دەستووری 2011ی ئیخوانی میسردا، شەرع سەروەری شەعبە، تەنیا موسوڵمان مافی ئەوەی هەیە ببێت بە سەرکۆمار و هەڵبژاردنی سەرۆک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نییە، تا لە شەرع لا نەدات لە سەرۆکایەتی لا نابرێت. بەپێی دەستووری ئیخوانی میسر: جیهاد فەرزە لەسەر موسوڵمانان، سەربازی بە زۆرەملێیە، ژن کەیبانوو و ناموسە، دەبێت پارێزراو بێت، موسوڵمان دەبێت زەکات بدات و ناموسوڵمانیش سەرانە، ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، بەرهەمهێنانی عەقڵێکی ئیسلامییە. چونکە هێشتا ئیخوان، بانگەشە بۆ ئیسلامێک دەکات کە دەبوو لە ئەرشیفدا بپارێزێت، نەک رۆژانە رەچاو بکرێت، بۆیە موسوڵمانان هەنگاوێک پێش ناکەون.
تا ریفۆرم لە ئاییندا نەکرێت، نە ریفۆرمی سیاسی دەکرێت، نە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، نە پەروەردەیی و نە دیمۆگرافی. ریفۆرم بە کۆمەڵێک بڕیار ناکرێت کە زادەی هەڵچوون و فیکری سیحری بن، وەک سەددام حوسەین دەیکرد، ئاخر لە خەونیدا پێیان گوتبوو، پەلاماری کوەیت بدات! بە مانەوەی ئیسلام بەبێ ریفۆرم، بەبێ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، هەمیشە ئەگەری شەڕی نێوان دوو دینی جیاواز و شەڕی نێوان دوو مەزهەبی سەر بە هەمان دین لە ئارادا دەبێت. ریفۆرم لە ئیسلامدا ئەوەیە، دین لە یاسای باری کەسیەتی و لە سزا جیا بکرێتەوە. ئەوپەڕی هەمەجیبوون ئەوەیە، بڕوامان بە سزای جەستەیی هەبێت، فرۆید ئەوە بەو هەمەجیبوونە ناو دەبات کە لە پێش مێژوودا هەبووە. ریفۆرم لە دیندا ئەوەیە، سانسۆری دینی لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری نەمێنێت. تا هاووڵاتییان بە چاوپۆشین لەوەی باوەڕدارن یان نا، یەکسان نەبن، تا پێکهاتە دینییەکانی دیکە وەک ئەهلی زیممە سەرنج بدرێن، تا وەڵاتی نائیسلامی، بە وەڵاتی کافران لە قەڵەم بدرێت، تا بانگاشە بۆ جیهاد بکرێت، دونیا ئیسلام بە ئایینی ئیرهاب دەزانێت.
ئارنست رینان دەڵێت: (تا سووک سەرنجی زانست بدرێت، تا توێژینەوەی عەقڵانی دەقی پیرۆزیش نەگرێتەوە و تا ویژدان ئازاد نەبێت، ریفۆرم مەحاڵە.) زۆرینەی کۆسپەکانی بەردەمی ریفۆرم، موسوڵمان لە جووی وەرگرتوون، جوو فەرامۆشی کردوون، کەچی ئیسلام هەر ڕێزیان لێ دەگرێت. سەنگبارانکردنی زیناکار کە موسوڵمان لە جووەوە فێری بووە، جوو لەمێژە دوور تووڕی داوە، کەچی لە ئێران، سعوودستان، سوودان، پاکستان، ئەفغانستان و سۆماڵ هەر کارایە. دونیای ئیسلام تا ریفۆرم نەکات، وەک ئەوە وایە لەسەر سەر بڕوات، نەک لەسەر پێ.

## زۆرینەی کۆسپەکانی بەردەمی ریفۆرم، موسوڵمان لە جووی وەرگرتوون، جوو فەرامۆشی کردوون، کەچی ئیسلام هەر ڕێزیان لێ دەگرێت

ئەرکیۆلۆجیا سەلماندی زۆر لەو بەسەرهاتانەی لە تەوراتدا وەک رووداوی دیرۆکی تۆمار کراون، بێجگە لە ئەفسانە هیچی دیکە نەبوون، لەوانە: هەڵاتنی جوو لە میسر، دوولەتکردنی زەریای سوور بە عەسای مووسا و هەیکەلی سلێمان. هێشتا زانایەکی جوو لەسەر توێژینەوە سەبارەت بە تەورات، فەتوای کوشتنی بۆ دەرنەچووە، وەک لای موسوڵمانان باوە و زۆر جاریش فەتواکە جێبەجێ کراوە. ئیسلام هێشتا ئەو قۆناغەی بەجێ نەهێشتووە کە حەللاجی تێدا لەسێدارە درا. هەر ئایینێک توانای خۆگونجاندنی نەبێت، تووشی بەبەردبوون دەبێت، هەر قسەی کۆن کاوێژ دەکاتەوە و هەنگاوێک ناچێتە پێشەوە.
دۆگماتیست کەسێکە دیلی دەستی وشکەبڕوا، وروووژاندنی پرسیاری نوێ لەکنی، حەرامە و وەڵامی دێرینی حازربەدەستی خۆی بەسەر ئەم و ئەودا دەسەپێنێ، وەڵامێک بۆ هەموو شوێن و جێیەک دەگونجێت، وەڵامێک زادەی یەقینێکی رەقهەڵاتووە، کە هەر لای ساویلکە پەسەندە. (زانایانی) عەقڵبەردین دەیانگوت: حەرامە توێکاری بۆ تەرم بکرێت، ناچار کۆلێژی پزیشکی لە شام، تەرمی لە چینەوە هاوردە دەکرد کە نرخی هەر تەرمێک هەزار دۆلار بوو. پەرستنی تەرم، نەریتێکی فیرعەونییەکان بوو، کە لە چاخی بەردینەوە بۆیان ماببووەوە. زانایانی عەقڵبەردینی ئیسلام، سووک سەرنجی جەستە دەدەن کە زیندوو بێت، بەڵام بە مردوویی بە پیرۆزی دەزانن.
هەموو ریفۆرمێک پێویستی بە دابڕانە، دابڕان لە هەموو لایەنە ناعەقڵانییەکانی کەلەپوور، ئەوەیش پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لە پەروەردە و ڕاگەیاندن و دیسکۆرسی دینیدا. بۆچی هێشتا ریفۆرم لە ئیسلامدا نەکراوە؟ چونکە لە موسوڵمانان وایە، ئوممەتێکی تایبەتن، ئوممەتێک ئاخر جار خوا قسەی لەگەڵ وان کردووە و دینی حەقی پێ بەخشیون، زمانیشیان زمانی ئەهلی بەهەشتە. تەنانەت زۆر لە شۆڕەسوارانی وشکەبڕوا، پێیان وایە، ئیسلام پێویستی بە ریفۆرم نییە، ئاخر خوا گوتوویەتی: (الیوم اکملت لکم دینکم.)
هەموو ئایینێک، بەتایبەتی ئەگەر یەکتاپەرستی بێت، توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت، (توندڕۆ)یش سووک سەرنجی ئایینەکانی دیکە دەدات و کەسێکی خۆویستە، خۆی لەوانی دیکە بە باڵاتر دەزانێت و تووشی دەردی خۆ بە گەورە زانین بووە. جوو: شعب الله المختار، کریستیان: الفرقە الناجیە و موسوڵمان: کنتم خیر امە اخرجت للناس. رەوتێکی بچووکی کریستیان هەبوو، خۆی ناونابوو: مەملەکەتی رووناکی و باقیی خەڵکی دونیای بە مەملەکەتی تاریکی دەزانی و دەیگوت: (هاکا خوا وەک قەومی لووت ئاگری بەسەردا باراندن و تەفروتونای کردن!)
ئیمان ناسنامە نییە، زمان ناسنامەیە، ئاخر ئینسان بە زمانەکەیدا دەناسرێتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی بڕوای بە کام ئایین هەیە. ئیسلام تەنیا دین نییە، پرۆژەیەکی سیاسیی سەربازییشە، لەرێی جیهادەوە خۆی دەسەپێنێت و دوو ئامانجی هەیە: هەموو مرۆڤایەتی بکات بە موسوڵمان و جوویش قەلاچۆ بکات. میخائیل نەعیمە گوتوویەتی: (دینێک لە کۆمۆنیزم بترسێت، کۆمۆنیزم لەو دینە چاکترە.) عەفیف ئەخزەریش دەڵێت: (دینێک لە زانست بترسێت، زانست لەو دینە چاکترە.) دین کە دەسەڵات دەگرێتە دەست، لە قوربانییەوە دەبێتە جەللاد، خەڵکیش بەگشتی لەگەڵ قوربانیدا هاوسۆزن.
هەموو نەتەوەیەک ڕەگوریشەی ئەفسانەیی هەیە، رێز لەو رەگوریشەیە دەگیرێت، بەڵام وەک ئەفسانە سەرنج دەدرێت و خوێندنەوەی حەرفی بۆ ناکرێت. هەر خێڵە سەرەتاییەکان خوێندنەوەی حەرفی بۆ ئەفسانەکانیان دەکەن، خوێندنەوەی حەرفی ئەوەیە، نەتەوەیەک ئەفسانەکانی بە رووداوی راستەقینەی مێژوویی بزانێت، نەتەوەی وا لەبری ئەوەی خاوەنی کەلەپوور بێت، دەبێتە موڵکی کەلەپوور. لایەنی هاوبەشی ئایینەکان، ئیدی ئاسمانی بن یان نا، بڕوابوونە بە غەیب، بڕوابوونە بە دونیایەکی دیکەی باڵا و پیرۆز. ئەگەر ئینسان شارەزایی لە دینەکانی تریشدا هەبێت، کەسێکی لێبووردەی لێ پەیدا دەبێت، کەسێک سڵ لە دیالۆگی نێوان دینەکان ناکاتەوە، ئاخر ئایینەکان پڕن لە لایەنی لەیەکچوو. بابلییەکان و میسرییەکان بتپەرست بوون، بەڵام زۆر لە رەمزە دینییەکانی ئەو دوو دینە، بۆ ناو دینە ئاسمانییەکان پەڕیونەتەوە و زۆر لە چیرۆکەکانی قورئان، لە تەوراتەوە وەرگیراون، کە یەکێکیان چیرۆکی یوسفە.
مووسا کە 136 جار ناوی لە قورئاندا هاتووە، کەسایەتییەکی رەمزییە، تۆماس رۆمێر کە ئوستادی بەراوردکارییە لەنێوان دینەکاندا لە کۆلێژ دی فرانس و دوو کتێبی لەبارەی (مووسا)وە نووسیوە، دەڵێت: (چیرۆکی لەدایکبوونی مووسا، لە چیرۆکی لەدایکبوونی سەرجۆنی پاشای ئاشووری دەچێت، ئاخر هەردووکیان باوکیان بزرە، هەردووکیان دایکیان لە سەندووقی بە قیر سواغدراودا، بە رووباری سپاردوون و هەردووکیان خێرەومەند هەڵیگرتوونەتەوە.)
ئەفسانەی تۆفانی نووح کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا هەیە، لە (گەلگامش)ەوە وەرگیراوە کە داستانێکی سۆمەرییە، قەلاچۆکردنی قەومی (لووت)یش هەروەها. موسوڵمانان مردووی خۆیان چۆن دەنێژن، بە کفنی سپییەوە و سەری بەرەو خۆرهەڵات، خێڵە سەرەتاییەکانی ئەمریکایش هەزاران ساڵ بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام هەر وایان کردووە. بڕوابوون بە زیندووبوونەوە و دونیایەکی دیکە، لە چاخە بەردینەکانیشدا هەبووە و لە هەموو دینێکیشدا سیحر هەیە، بۆ نموونە، ئەوە سیحرە، (ئەوانەی بەر نەفرەتی خوا بکەون، دەبن بە مەیموون و بەراز. وجعل منهم القردە والخنازیر. مائیدە 60) جیاکردنەوەی نێر و مێ، نەریتێکی هەمەجییە، بۆ چاخی بەردین دەگەڕێتەوە، ئەوسایش هەوار کراوە بە دوو بەشەوە، لای ڕاست بۆ نێر و لای چەپ بۆ مێ.

*

(1) خومەینی دەڵێت: (ژن نۆ ساڵی تەواو نەکردبێت، مێرد مافی ئەوەی نییە سەرجێیی لەگەڵدا بکات، بەڵام مافی ئەوەی هەیە، بە هەموو شێوەکانی دیکە چێژی لێ ببینێت، وەک: دەستگەمە، بەخۆوەنووساندن و لێ خشاندن، با مارەبڕدراو شیرەخۆرەیش بێت.) (مسالة 12 لا یجوز وطء الزوجة قبل اکمال تسع سنین، واما سائر الاستمتاعات کاللمس بشهوة والضم والتفخیذ فلا باس بها حتی في الرضیعة.) الخمیني، تحریر الوسیلة ج 2 کتاب النکاح، مسالة 12 ص221
(2) العفیف الأخضر، اصلاح الإسلام، دار الجمل 2014 بغداد.
(*) پز: کۆرپەلە، ئاولەمە، جنین.
(**) پزدان: رحم

# عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەگر و وەرگێڕ و شاعیر:

# پەیوەندیی من و دنیا خوێندنەوە و نووسینە







**ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.**

**ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.**

**لە بیستویەکەمین گفتوگۆماندا، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەگر و وەرگێڕ و شاعیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە..**

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**

**ڕووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** لە خوێندنەوەدا بەرنامەیەکی تایبەتم هەیە، ڕەنگە کەسانی تریش هەبن وا بکەن. زۆرجار لە یەک کاتدا چەند کتێبێک پێکەوە دەخوێنمەوە، بەڵام وەختەکەم بەسەریاندا دابەش دەکەم، بۆ نموونە یەکێکیان بەیانی یەکێکیان ئێوارە، یەکێکیان دوای نیوەڕوان، یەکێکیان شەو.

حاڵی حازر سێ کتێبم لەبەردەستە. ئۆدیب یا پەرەسەندنی پاش نوێگەری کە بریتییە لە چەند وتار و گفتوگۆیەک لەگەڵ بیرمەندی بەناوبانگ ئیهاب حەسەن، کتێبی )کێ سبەی فەرمانڕەوایی جیهان دەکات( لە نووسینی جاک ئەتالییە، ئەم بیرمەندە زۆربەی کات بیرمان بە لای ئایندەدا دەبات، سێیەم کتێب (چەند مەسەلەیەک لەبارەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە) چاوپێکەوتنی درێژە لەگەڵ بۆردیۆ.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** تەنها کتێبێک نییە ژیانی گۆڕیبم. هەموو ئەو کتێبانەی کە خوێندوومنەتەوە و دەیانخوێنمەوە فیکرم فراوان دەکەن، پەرە بە ڕۆشنبیریم دەدەن. هەموویان ڕوئیام بۆ ژیان دەوڵەمەند دەکەن.

کەوتنەژێر کاریگەریی یەک کتێبەوە جۆرێک کۆت و سنوورت بۆ دادەنێ. من خوێندنەوە بە گفتوگۆ دەزانم، نەک ئەوەی کۆتت بکات و بتکات بە سێبەری تەواوەتیی خاوەنەکەی.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ئەم پرسیارە پەیوەندی بە پرسیارەکەی پێشەوە هەیە، ئەگەر کتێبێک یا چەند کتێبێک ژیانم بگۆڕن، کەواتە بۆچوونیشم گۆڕاوە، یا ڕاستترە بڵێین ئەگەر بۆچوونت بگۆڕێت ژیانیشت لەگەڵیدا دەگۆڕێت.

ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: زۆر کتێب هەن خۆزگە دەخوازم من بمنووسیبان، نەک تەنها کتێبێک، مەرجیش نییە نووسەرەکانیان بەناوبانگ بن، جاری وا هەیە کتێبێکی شیعر یا ڕۆمانێک دەخوێنمەوە خاوەنەکەی بەناوبانگیش نییە، بەڵام شتێکی جوان و جیاوازی خوڵقاندووە، یا هایکۆیەکی بچووک، یا کتێبێکی فیکری یا مێژوویی یاخود دێڕە شیعرێک، غەرقی پرسیار و سەرسوڕمان و گومانم دەکەن، لەو کاتانەدا دەڵێم خۆزگە من دەمنووسین. لەوانە: چیرۆکەکانی لویجی پیراندێلۆ، (بەریدی باشوور)ی ئەنتوانت ئەگزۆپری.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** دروستکردنی ستایل

## من بە شوێنەوە لکاوم

پەیوەندی بە خۆت و سەرەتاکانی خوێندنەوەت و پەرەسەندنیانەوە هەیە. ڕەنگە بتوانیت هەندێک هێڵی دەستنیشان بکەیت و ڕەنگە زەحمەتیش بێت.

سەرجەم خوێندنەوەی جۆراوجۆرم ستایلمیان دروست کردووە، نەک تەنها کتێبێک. ئەمە وتەیەکم بەیاد دێنێتەوە، زۆر جار تیۆرداڕێژەرانی بواری دەقئاوێزان بۆ پێناسەکردنی دەقئاوێزان بە کاری دەبەن دەڵێن، شێر بریتییە لەو ئاژەڵانەی کە دەیانخوات. جا ستایلی منیش لە ئەنجامی جۆر و چەندێتی خوێندنەوەم پێکهاتووە. ئەوەندە تێکەڵاون ڕەنگە چینکارییەکی زۆری بوێت تاکو بچمەوە سەری.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** کتێب نەیگریاندووم، تووشی سەرسوڕمانی کردووم، نەشئە و خۆشیی پێ بەخشیوم، خەمباری کردووم، وای کردووە چەندبارەی بکەمەوە، بەڵام بۆ گریان هیچ کتێبێک نەیگریاندووم.

موزیک و فیلم و گۆرانیی زۆر هەن ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر ڕۆح و دەروونم هەبووە فرمێسک بە چاومدا هاتووەتە خوارێ. جاری وا بووە لە تەکسیدا بووم و گۆرانییەکی خۆش بۆ ناو حاڵەتێکی سەیر بردوومی، گەیشتوومەتە شوێنی مەبەست، بەڵام بە شۆفێرەکەم گوتووە، برادەر لێرە مەوەستە، لێرە دانابەزم، تۆزێکی تر بڕۆ، ئەمە بۆ ئەوەی تا کۆتاییەکەی گوێم لێبێت، جەوەکەم لێ تێکنەچێت.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** زۆرن. تەنیا کتێبێک نییە. ئەگەر لە بواری زماندا بێت، کتێبی (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا)ی مامۆستای کۆچکردوو هاوڕێی چیرۆکنووسمان (جەلال مەحموود عەلی) دەبەخشم. ئێمە جاران لە ئامادەییدا لە پاڵ زمانی عەرەبی، بۆ بەهێزبوونمان لە زماندا، فەرهەنگێکی بچووکیان دەداینێ، ئەگەر من دەسەڵاتدار بوومایە، کارێکی وەهام دەکرد، ئەو کتێبەی مامۆستا جەلالم بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکرد. لە شیعردا دیوانی شاعیری ئێرانی (پەروین ئیعتیسامی) لەبەر چەند شیعرێکی دەبەخشم، لە ڕۆماندا یەکێک لە ڕۆمانەکانی کالڤینۆ، لە فەلسەفەدا ( تەسەلای فەلسەفە)ی بۆئیسوێس.

## ئەدەبی بێ دڵەڕاوکێ و قەلەق، ئەدەبی بێ کێشە و بێ پرسیار و گەڕانە

ساڵی 1987 پێنج کۆمەڵە شیعرییەکەی (المجموعات الخمس)ی سەلیم بەرەکاتم کڕی، لە هیچ شارێکدا دەستنەدەکەوت، زۆر بەدوایدا دەگەڕام بێسوود بوو، ڕۆژێک چووم بۆ کەرکووک سەردانی کتێبخانەکەی هاوڕێ عەبدولسەتار جومەیلیم کرد، گوتی لە سووریاوە بە قاچاخ کتێبم بۆ هاتووە، کە سەیرم کرد 10 دانە لەو کتێبەی سەلیم بەرەکاتیان تێدابوو، پێنج دیوان لە کتێبێکدا، هەر 10 دانەکەیانم کڕی و لە سلێمانی پێشکەشی برادەرانم کردن. ئەو کاتە تاکوتەرا سەلیم بەرەکاتیان دەناسی.

لە زانکۆیش مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبی زۆر خۆشیدەویستم، ساڵی 1978 کتێبێکی خۆی پێشکەش کردم، دەچوو بۆ هیندستان، منیش بەو بۆنەیەوە کارەکانی تاگورم پێشکەش کرد.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەرەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ئەوەندە بەهای ئینسانی لەم ڕۆژگارەدا کز و لاواز بووە، کار لەوەدا نەماوە یۆتۆپیانە بیر بکەینەوە، هەرچەندە فیکری یۆتۆپی زۆر گرنگە و ئینسان ناتوانێت دەستبەرداری بێت، بەڵام ئەمڕۆ وەبیرهێنانەوەی شتی بچووکی باشیش نرخی خۆی هەیە، چونکە خەریکین بەهای چاکەی بچووکیش ون بکەین. قسەیەکی ڕووناکبیرێکی ڕووسم لەبیرە کە دەڵێت، ئەمڕۆ هاتووینەتە سەر ئەوەی بە شتی خراپ بڵێین خراپە و مەیکە، بە چاکەیش بڵێین چاکە و بیکە.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ....................

ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: سۆزە لای هەردووکیان هەیە. ڕقە لای هەردووکیان هەیە، هەروەها وەفا و شتی تریش، قابیلی جیاکردنەوە نین. فێمینیست نیم، بەڵام لێرەدا وەک فێمینیستێک بیر دەکەمەوە.

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ئاخر هاوڕێکانم زۆرن، تایبەتمەندییەکانیشیان زۆر و جیاوازن. ئەمە شتێکی ڕێژەییە لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەکی تر دەگۆڕێت، ناتوانین بە یەک شت بیانپێوین، ئەگینا جیاوازی و تایبەتمەندییان بۆ ناهێڵین، بەڵام بە گشتی ڕێز لە عوزلە و تایبەتمەندییەکانم دەگرن، شتەکانم وەک عەفەوییەتی ڕاستەقینەی خۆم وەردەگرن. بۆ نموونە زۆرجار دەعوەتم دەکەن، بچم نەچم لێم زویر نابن. هاوڕێکانم ئەوانەی لە وڵاتدان یا ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین بەویژدانن. زۆربەیان وەک خۆم هۆگری خوێندنەوەن، هاوڕێی کتێبن.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** شت زۆرە، حەزم لە گۆشەگیریی بەرهەمدارە. حەزم لە بێدەنگییە. حەز دەکەم جیاوازیی نێوان کۆشک و کووخ نەمێنێت، هەرچەندە ئێستا زۆرن ئەوانەی کووخەکانیان جێهێڵاوە، کۆشکەکانیان داگیر کردووە و بیریان بە لای کووخدا ناچێت. لە خواردنیشدا حەز لە ماش و ساوەر و دۆینەوڕۆن و ترخێنە دەکەم، لە جۆری سەیارەیش حەز لە سەیارە کیسەڵییەکان دەکەم، هەرچەندە تا ئێستاش بەپێ یان بە پاس یان بە تەکسی هاتوچۆ دەکەم. حەز لە سواربوونی پاسکیلی ستیایە دەکەم.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** بەختەوەریی ئایدیال لە ئەدەب و فیکر و فەلسەفەدا دەخوێنینەوە، بە درێژایی مێژوو هەموو فەیلەسووف و خاوەن یۆتۆپیاکان بە دوای بەختەوەریی ئایدیاڵدا گەڕاون تاکو بگەنە ئەنجامێک، بەڵام دەبینین ئایندارە دێتەوە سەر پەندێک یا حیکمەتێک تەسەلایەکی کاتیی بە ڕۆحی بدات، یا شۆڕشێکە، شۆڕشگێڕەکانی پشت بە بیرێک دەبەستن و بۆ بەختەوەریی ئینسان بەرپای دەکەن، کەچی زۆر جار ماڵوێرانییان بۆ دەهێنێت، تووشی شکستی ڕۆحییان دەکات.

من بۆ خۆم بە بەختەوەریی بچووک قانیعم.

هەندێک جار ساتی وا دێتە پێشەوە چەپکێک بەختەوەریی بچووکی تێدا دەچنم، بۆ نموونە جاری وا هەیە بەختەوەری لە تەوقە و سڵاوێکی پاک و گەرمدا دەبینم، یا لە یارمەتیدانی کەسێکدا، یا کاتێک چۆلەکەیەک لە دەستی منداڵێک دەرباز دەکەم، یا شەوان لە سەربان سەیری ئەستێرەیەک دەکەم، یا ئەو کاتانەی لە نووسینی دەقێکی جوان دەبمەوە، هەست بە خۆشییەکی سەیر دەکەم.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** چارەڕەشی زۆرە و جۆری هەیە، چارەڕەشیی تاکەکەسی، چارەڕەشیی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. بوون بە کوڕی حیکایەت یەکێکە لە چارەڕەشیی کۆمەڵ، ئەمڕۆ کەسانێک دەبینین بە قودرەتی نازانم بڵێم چی لەسەر بێشکەن و لە خولەکێکدا گەورە دەبن و یەکسەر شمشێر هەڵدەگرن و دەبن بە پاڵەوان و سەختترین قەڵا داگیر دەکەن.

یا چارەڕەشی لەوەدا دەبینم، هەڵسەنگاندنی شتی جوان بدرێت بە نەزان و کەسی بێئاگا لە ئەلفوبێی

## حەزم لە گۆشەگیریی بەرهەمدارە

جوانی، شەیتانێک بکرێت بە هەڵسەنگێنەری فریشتە. یا بە درۆ و ڕقی کوێرانە، بێتاوان بکرێت بە جەللاد، یا گۆڕینی شوناسی ڕاستەقینەی کەسێک بە خۆڕایی و بە دافیعی بێویژدانی، شێواندنی و کردنی بەوەی کە خۆت دەتەوێت.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژیت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ئەگەر بە حەز بوایە دەبووم بە یەکێک لە ئەندامانی شارە یۆتۆپییەکان. بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، هەر لە وڵاتی خۆمدا دەژیم، لە نزیک شاخێک یا دەریایەک، لە ماڵێکی خنجیلانەدا، کتێبخانەی چاکی تێدا بێت، هەموو کەرەستەی نووسینی بۆ پەیدا کرابێت.

من کەسێکم بە شوێنەوە لکاوم، زۆر بۆ ئەملاوئەولا داوەت کراوم، بەڵام کەمجار ئامادەییم دەربڕیوە.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** سپی، سوور، شین، پەمەیی، مۆر. لە گوڵیشدا، نێرگز، گوڵاڵەسوورە، وەنەوشە، گوڵە هەنار.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** نووسەری وا هەیە لەبەر دەقێک یا دوو دەق خۆشمویستووە، یا لەبەر هەندێک لە نووسینەکانی، هی وایش هەیە لەبەر زۆربەی ئەزموونی.

چێخۆف، لویجی پێراندیلۆ، دیستۆیفسکی، ئیساک بابل، پۆڵ ڕیکۆر، ئیدگار مۆران، نۆرسرۆپ فرای، جاک ئەتالی، ئیتالۆ کالڤینۆ، بێردیایف،، باختین، سیوران، هێرمان هیسە، سپینۆزا، شتراوس، ڕای براد بۆری، کۆلن ولسن، ئەپیکۆر، عوبێد زاکانی، عەلی زەیعور، عەبدوڵڵا ئەلعەروی، ئیهاب حەسەن، تێری ئیگلتۆن و یاکوبسن.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** خەیام، لۆتەر یاموون، جۆرج تراکڵ، ڕامبۆ، لۆرکا، نازم حیکمەت، ڕیلکە، کاڤاڤی، شاندۆر بتۆڤی، ڕیتسۆز، ئونسی ئەلحاج، مەندەل شتام، چارلز سیمیک، فازل عەزاوی، ئۆکتاڤیۆ باس، شەوقی ئەبی شەقرا، ئالان بۆسکێ، میرۆسلاف هۆلب، خوان ڕامۆن خیمینیس، ئەنتۆنیۆ ماتشادۆ، وەدیع سەعادە، ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی و سیلیڤیا پلاس....

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** زۆربا لە ڕۆمانی زۆربادا، مستەفا سەعید لە ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور).

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** هۆرتانس لە ڕۆمانی زۆربادا، دۆرۆنتین لە ڕۆمانی (کێ دۆرۆنتینی هێنایەوە)ی ئیسماعیل کاداری، ئەم ڕۆمانەم کردووە بە کوردی.

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** بیتهۆفن، موجتەبا میرزادە، ولیەم یۆحەننا، ئیلهام مەدفەعی، ئەنوەر قەرەداخی، بێژەن کامکار و بەلیغ حەمدی.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** مارک شاگال، خوان میرۆ، سلڤادۆر دالی، پەروێز کلانتری، سوهرابی سپێهریی نیگارکێش، جەواد سەلیم، کەمال الملک، کەریم دەشتیی خۆمان شیعرێکی نایابی بۆ نووسیوە.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ئەو ناوانەی مانادارن، ئەمانبەنەوە سەر سەرچاوەیەک.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ڕقم لە چەکە بە هەموو جۆرێکییەوە، تفەنگ، تۆپ، فیشەک، باڕووت، چەقۆ، خەنجەر، هەموو کەرەستەیەکی شەڕ و کینە و خوێنڕشتن. ڕقم لە کورسییە، کورسی وەک زاراوەی سیاسی و مەعنا مەجازییەکەی، کە زۆرجار دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و خۆپەرستی و دکتاتۆرییەت لە دنیادا.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** حەزم دەکرد لە پاڵ نووسیندا مۆسیقار بوومایە، چونکە دەنگم خۆشە و زۆر جار ئاوازی چاکم بۆ دێت، شیعرەکانیشیان خۆم بۆم هەڵدەبژاردن. حەزیشم دەکرد دەرهێنەری سینەمایی بوومایە. حەز لە سینەما دەکەم، من لەو ڕەخنەگرانەیشم لە ڕەخنەدا زۆر بایەخم بە پەیوەندیی ئەدەب و سینەما داوە.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** تەنها شتێک کە بە حەز نابێت مردن و شێوەکەیەتی، ڕاستترین دادپەروەرییش لە مردندایە. حەز دەکەم بە هێمنی و بێئازار کۆتاییم بێت، ماڵ و منداڵ، دۆست و هاوڕێ و دنیا لە خۆشیدا بن، مرۆڤایەتی لە خۆشیدا بێت، هەموو پرۆژەکانم لە ئەدەب و ڕۆشنبیریدا تەواو کردبێت. بێگومان تەمەنی درێژیش ئارەزووی هەمووماناە.

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** نامەوێ درۆ بکەم. دڵەڕاوکێ لە ڕۆحی ئینساندا ڕەگی داکوتیوە. ئەدەبی بێ دڵەڕاوکێ و قەلەق، ئەدەبی بێ کێشە و بێ پرسیار و بێ گەڕانە. ئەدەب و هونەری ئەمڕۆ ئەدەب و هونەری دڵنیایی نین، پڕاوپڕن لە گومان، لەبەر ئەمانە نە ئارامم و نە ڕۆحیشم ئارامە.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** دروشمی جوانیش هەیە، بەڵام نامەوێت لە دروشمکاریدا خۆم کۆتوبەند بکەم.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** بەڵێ هەر دەگەڕێمەوە بۆ زێدی فیکریی خۆم، بۆ خۆشی و شادیی نووسین، بۆ دۆزەخ و بەهەشتەکەی. نووسین داڵدەیەکی ڕۆحیی خۆشە، ئەگەر خەنجەربەدەست بە قەڵەمی دەمامکدارەوە وازت لێبهێنن و بە هەوەسی خۆیان شوناسی ڕاستەقینەت نەگۆڕن.

**ڕووداو: زیاتر بە ئەدەبیاتی کام وڵات سەرسامیت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** داهێنەران وڵاتیان نییە، چونکە ئەدەبی گەورە و دەوڵەمەند سنوورشکێنە. جاری وا هەیە ڕۆمانێک یا شیعرێک دەخوێنمەوە، خاوەنەکەی خەڵکی وڵاتێکی هەژارە، بەڵام ئەدەبێکی باڵایە، واتە مەرج نییە ئەدەبی وڵاتێک لەسەداسەد هەمووی باش بێت یا خراپ بێت، من بە نموونەی ئەدەبی جوانی هەموو وڵاتێک سەرسامم. ڕووسیا بێت، ئیسپانیا بێت، فەڕەنسا بێت، ئێران، ئەڵمانیا، لوبنان، جەزائیر ...

**ڕووداو: هەرگیز هەبووە ڕۆژێک لە نووسەربوونت پەشیمان بیت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** ڕەنگە هەندێک جار بێئومێدییەک دایگرتبم، بەڵام پەشیمانی نا، پەیوەندیی من و دنیا خوێندنەوە و نووسینە.

**ڕووداو: ئەگەر ڕۆمانێکی کوردی دیاری بکەیت، وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکان، چ ڕۆمانێک دەبێت؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** مەگەر لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێشبڕکێیەکدا بم، ئەگینا حەز لە دیاریکردنی باش و باشتر و باشترین ناکەم. لایەنێکی عەرەبی داوای لێ کردووم، لێکۆڵینەوەیەکیان بە عەرەبی لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ بنووسم، لەوێدا ڕاکانم بە باشی دەردەبڕم.

**ڕووداو: سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، ئێش لەسەر چی دەکەی، هەندێ وردەکاریمان لەسەری بدەرێ، ئایا بەرهەمی تازەت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە؟**

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:** بەرهەمم زۆرە. کۆمەڵێک کتێبی ئامادەکراوم هەن. حاڵی حازر کتێبێکمان دەدرێتە چاپ کە سێ کەس کردوومانە بە کوردی، کۆمەڵێک بەڵگەنامەیە دەربارەی ویلایەتی مووسڵ، ماوەیەکە خەریکی وەرگێڕانیشیم بۆ عەرەبی، لەم ماوەیەشدا لێکۆڵینەوەیەکی درێژم لەبارەی ئەزموون و داهێنانی دلاوەر قەرەداخییەوە تەواو کرد.